# فەتواکەی ئاغای سیستانی

## مەجید دڵنیا

ئاغای سیستانی زیاتر لە شەبەح ئەچێت وەک لە مرۆڤی ئاسایی، بۆیە هەرجارێ بەپێی میزاجی خۆی لەودیو تارماییەکانەوە فەتوایەک دەردەکات ئەوەبوو لەچەند رۆژی رابردوودا فەتوایەکی دەرکرد سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی عێراق کە بڕیارە لەسەرەتای ساڵی تازەی 2005 دا بکرێت. سیستانی داوای لە کچان و کوڕانی عێراق کرد ئەوانەی تەمەنیان شمولی دەنگدان دەکات .بەجیدیەوە بەدەنگ هەڵبژاردنەوەبچن. مەرجەعیەتی شیعیکە بڕیاربوو خۆی لەکاروباری سیاسی بەدوور بگرێ ،وەڵێ لەئاست گۆڕانکاریەکانی عێراقدا خۆی پێنەگیراو بەوەڵام هات. سیستانیش ئەگەر شتێک بەرژەوەندی عێراقی عروبەی تێدابێت ئەوە یەک لایەنەو ڕاستەوخۆ پیرە فەتوایەک دەردەکات. لەسەروبەندی دەرچوونی بڕیاری 1546ی ئەنجومەنی ئاسایشدا ،بە نوکە قەڵەمێک لەدژی یاسای کاتی لەبەختی ڕەشی کوردان مەجرای کارەکانی گۆڕی وسەرەنجام بڕیارەکە بەدڵی وان بوو کوردانی خۆشخەیاڵیش لە عێراقی هیواو ئاشتیدا تەواو بێ ئومێدی دایگرتن .بەبێ ئەوەی یەک کاردانەوەیان هەبێت. ئەم مەقامەی جەنابی سیستانی وای لەیەکێتی زانایانی کوردستان هەرێمی سلێمانی کرد کەشکۆڵ بەکۆڵا بدەن وبەیەک کۆڵ ئیحتیرامەوە تەشریف بەرنە لای .هەرچەند نەدەبوو ئەم کارە تاک لایەنە بکرێت ،بەهەرحاڵ، بۆ ئەوە چوون تاباسی کێشەی ناوچە بەعەرەب کراوەکانی بۆ بکەن.بەڵکو ئەمە خوایە لوتفێ بفەرموێ.جەنابی ئاغا گوایە زۆر دەمێکە وێنەی نەگرتووە بۆ دڵ نەرمی مەلاکانی کوردستان وێنەیەکی لەبەر خاتری خاترداران لەگەڵاگرتبوون، گوایە ئەمە ئەوپەری ڕێز بووە بۆ ئەوان و ئەو وێنە لەگەڵ هەموو کەسێکدا ناگرێت.ئاغای سیستانی لەوەڵامی کێشەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان و موڵک و ماڵە داگیرکراوەکانی کوردا وتبووی ئەشهەدوو ئێوە لەسەر حەقن بەڵام زۆر بێژیانە ئەو کێشەیەی هەواڵەی حکومەتی تازەی عێراق کرد ، تا لەڕێی قانونەوە حەلکرێ ئەو حکومەتەی کە بۆخۆشی ئیمانی پێی نییە. بەیەک قسە کێشەکەی لەکۆڵ خۆی کردەوە.نەک هەر ئەوەش بگرە پاشتر داواشی کرد کورد با لە عارەبی تەعریب خۆش بن .مەلایانی کوردستان دیاری دەستیان تەنیا وێنەیەک بوو لەگەڵ جەنابی ئاغادا،وەک ئەوەی ئەمان لەهیچیان کەم نەبێت لە وێنەیەکی ئەو نەبێت.مەلاکان نەک هەر داوایان جێبەجێ نەکرا بەڵکو ئەو داوای کرد کورد حەقە لە عەرەب خۆش بن. دیارە جەنابی سیستانی باش دەزانێ کورد بەعاتیفەو قسەی لوس زوو دڵی نەرم دەبێ بۆیە ئەو داوایە دەکات. . مەسەلەی تەعریب چونکە زەرەری عروبەی تێدایە ،دەیداتە دەست قەدەری قانونەکانی عێراق، بەڵام کارێک بەرژەوەندی عروبەو مەبەستە شاراوەکانی ژێر عەمامەو عەباکەی تێدا بێت ئەوە لەودیو چەندین فرسەخی ژوورە نووتەکەکانەوە فەتوای بۆدەدات. لەکاتێکدا بەیەک فەتوای جەنابی هاوکێشەی تەعریبی لەناوچە کوردیەکان تەواوێ دەگۆڕی.ئەو ناوچانەی کە ئێستا چەقۆ وەشێن وکەلە پوتەکانی سەدر بەهاوکاری هەتیو چە تۆرانیەکان و کۆنە بەعسیان کلکیان کردۆتە یەکتر خۆیان بەخاوەن ماڵ دەزانن ورۆژانە سیکارت لەملی بێ گوناهی کورد دەسوون.ئەو بەیەک قسە ئاوێکی دەکرد بەو ئاگرەیا کەلە هەرساتێکدا ئەگەری هەڵگیرسانی هەیە.هەرچەند فەتوایەک حەلی هەموو شتێکی نەدەکرد بەلام بۆ تەعریب زۆر لەهاوکێشەکەی دەگۆڕی. وەلێ شتێک بەزەرەری عروبە بشکێتەوە چۆن ئیشی وادەکات!.

2004-10-16